# Compound Nouns of Central Kurdish From the Perspective of Categorization Theory

Ali Hamad Osman [1], Diler Sadiq Kanaby[2]
[1] Kurdish Department, Faculty of Education, Soran University, Soran, [2] Kurdish Department, Faculty of Arts, Soran University, Soran

*DOI: https://doi.org/10.31918/twejer.2574.46*

*Published: 15/1/2025*


## *Abstract*

*This study is entitled "Compound Nouns of Central Kurdish from the Perspective of categorization Theory". It is an attempt to analyze compound nouns from the perspective of categorization theory. The field is within the framework of Cognitive Morphology based on Zaki Hamawand's (2011). The importance of this research is the originality as the first work in Kurdish language on the mentioned field above. The aim of the study is to categorize compound nouns based on human experience and mental abilities according to the theory. The compound nouns used in the study are library data that are used as sources in this study. The paper consists of an introduction and two pars with conclusion and a list of references. In the first part, a summary of cognitive morphology and categorization theory is presented. In the second part, the relationship between the head and the modifier is explained in terms of the substructures' concept of Kurdish compound nouns according to the theory. As a result of the research, it has been possible to divide the Kurdish compound nouns that determine the form of the word into Prototype and Periphery according to their similarities.*

***Keyword***: *Categorization, compound words, cognitive morphology, Prototype, Periphery*

# ناوی لێکدراو لە کوردیی ناوەڕاستدا
# لە ڕوانگەی تیۆری پۆلبەندیەوە

م. ی. علی حمد عثمان
فاکەڵتیی پەروەردە، زانکۆی سۆران
ali.osman@soran.edu.iq

پ. ی. د. دلێر صادق کانبی
فاکەڵتیی ئاداب، زانکۆی سۆران
diler.kanaby@soran.edu.iq

## پوختە

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی: **ناوی لێکدراو لە کوردیی ناوەڕاستدا لە ڕوانگەی تیۆری پۆلبەندیەوە،** هەوڵێکە بۆ شیکردنەوەی ناوی لێکدراو لە ڕوانگەی تیۆری پۆلبەندی، لە چوارچێوەی مۆرفۆلۆجیی زانینیدایە. گرینگیی توێژینەوەکە لەوەدایە، کە یەکەمین کار دەبێت بە زمانی کوردی و لەسەر وشەی لێکدراوی کوردیی ناوەڕاست لە ڕوانگەی ئەم تیۆرە و لە چوارچێوەی مۆرفۆلۆجیی زانینیەوە ئەنجامدرابێت. ئامانجی توێژینەوەکە پۆلبەندیی ناوە لێکدراوەکانە بە پشتبەستن بە ئەزموون و توانا زەینیەکانی مرۆڤ بە پێی تیۆری ناوبراو. ناوە لێکدراوە بەکارهاتوەکان لە توێژینەوەکە، داتای کتێبخانەیین و لەو سەرچاوانە وەرگیراون، کە لەم توێژینەوەیەدا بەکارهاتوون. توێژینەوەکە لە پێشەکی و دوو پار پێکهاتوە لەگەڵ ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان. لە پاری یەکەمدا، پوختەیەکی مۆرفۆلۆجیی زانینی و تیۆری پۆلبەندی دەخرێتەڕوو. لە پاری دووەمدا، پەیوەندیی نێوان سەرە و دیارخەر، لە چەمکی بەشەڕۆنانەکانی ناوی لێکدراوی کوردیی ناوەڕاست، بەپێی تیۆرەکە شرۆڤەدەکرێت. لە ئەنجامی توێژینەوەکەدا توانراوە، کە لە ڕێگای پەیوەندیی چەمکی، بەشەڕۆنانی ناوە لێکدراوەکانی کوردی، کە فۆرمی وشەکە دیاریدەکەن، بە پێی لێکچوونیان بەسەر پێشنموونە و پەراوێزدا دابەشبکرێن.

**وشە کلیلییەکان:** پۆلبەندی، ناوی لێکدراو، مۆرفۆلۆجیی زانینی، پێشنموونە، پەراوێز.

## ٠. پێشەکی:

**ناونیشانی توێژینەوەکە:** (ناوی لێکدراو لە کوردیی ناوەڕاستدا لە ڕوانگەی تیۆری پۆلبەندیەوە).

**گرنگیی توێژینەوەکە:** هەرچەندە لێکدان وەک پرۆسەیەکی سەرەکی، بۆ دروستکردنی ناوی لێکدراو لە زمانی کوردیدا، هەر لە سەرچاوە بەراییەکانی ڕێزمانی کوردی تا ئێستا، جێگای بایەخی زمانەوانان بووە. ئەوەی ئەم توێژینەوەیە لە توێژینەوە و نووسینەکانی پێش خۆی جیادەکاتەوە، لەم توێژینەوەیەدا لە ڕوانگەی مۆرفۆلۆجیی زانینی وەک بەشێک لە زمانەوانیی زانینی، پۆلبەندی بۆ وشەی لێکدراو لە کوردیی ناوەڕاست ئەنجامدەدرێت.

**ئامانجی توێژینەوەکە:** ناساندنی تیۆری پۆلبەندی و شیکارکردنی وشەی لێکدراوی کوردیی ناوەڕاست لە ڕوانگەی تیۆرەکەوە.

**ڕێبازی توێژینەوەکە:** توێژینەوەکە وەسفییە.

**داتای توێژینەوەکە:** سەرەڕای سەلیقەی توێژەر، کە خۆی ئاخێوەری زارەکەیە، وشە لێکدراوە بەکارهاتووەکان لەو سەرچاوانە وەرگیراون، کە بۆ نووسینی تێزەکە سوودیان لێ وەرگیراوە.

**ناوەڕۆکی توێژینەوەکە**: وێڕای ئەم پێشەکییە، توێژینەوەکە لە دوو پار و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان پێکهاتوە: پاری یەکەم، جەخت لەسەر بنەماکانی مۆرفۆلۆجیی زانینی و تیۆری پۆلبەندی دەکاتەوە. لە بەشی دووەمدا، پەیوەندیی نێوان سەرە و دیارخەر، لە چەمکی بەشەڕۆنانەکانی ناوی لێکدراو لە کوردیی ناوەڕاست، بەپێی تیۆری پۆلبەندی دەخرێتەڕوو. پەیوەندییەکەش بە دوو جۆر دەستنیشاندەکرێت: پێشنموونە و پەراوێز.

## ١. ناوی لێکدراو لە ڕوانگەی تیۆری پۆلبەندیەوە:

لەم پارەدا جەخت لەسەر پێگە و بنەماکانی مۆرفۆلۆجیی زانینی و تیۆری پۆلبەندی دەکرێتەوە لەگەڵ چۆنیەتیی پۆلکردنی ناوە لێکدراوەکان لە ڕوانگەی ئەم تیۆرەوە.

**١.١مۆرفۆلۆجیی زانینی:**

تیۆری پۆلبەندی بەشێکە لە مۆرفۆلۆجیی زانینی و ئەم زانستەش بەشێکە لە ڕێزمانی زانینی و ئەم جۆرە ڕێزمانەش بەشێکە لە زمانەوانیی زانینی. لە ڕاستیدا تاکە تیۆرێکی تایبەت نییە بە ناوی تیۆری زمانەوانیی زانینی، بەڵکو چەندان تیۆرن و لە ڕێگای چەندان بۆچوون و تێڕوانینی جۆراوجۆر، کار لەسەر هزر و مێشک و ئەزموونی مرۆڤ و زانین و پرۆسە زمانییەکان دەکەن، کە پەسندی کۆمەڵێک بنەما و گریمانە و بۆچوونیان کردوە. ئەمانەش بوونەتە هۆی پەیدابوونی هەندێک تیۆری یەکتر تەواوکەر و جاربەجاریش دژبەیەک. (محمد راسخ مهند ١٣٩٨، ٩٨) بە واتایەکی تر، ئەم مۆدێلەی بە زمانەوانی ناسراوە تێڕوانینێکی هارمۆنیسازە، کە لە ڕەوت و سیما و دەنگ و واتاوە، تایبەتمەندیی هاوبەشیان هەیە و لە هەمان کاتدا لە یەکتریش جیاوازن. کلارک دەڵێت: "زمانەوانیی زانینی بە گشتی، تەنیا لە سەرچاوەیەک سەریهەڵنەداوە و تاکە ڕابەرێکی نییە" (کلارک ٢٠١٧، ٢٧٣). کەسە ناودارەکانی زمانەوانیی زانینی، کە بریتین لە؛ جۆرج لاکوڤ، ڕۆناڵد لانگاکەر، لیۆنارد تالمی و جاکندۆف و کۆپەریاکۆڤا و چەندانی تر، کە هەریەک لەمانە بە ڕێگای تایبەتی خۆی لەسەر زمانەوانیی زانینی لێکۆڵینەوەیان ئەنجامداوە. هاوبەشیکردنی لانگاکەر لە ناساندنی زانستەکە جیاوازە و ئەو لای زۆربەی زمانەوانانی هاوچەرخ بە پێشەنگ و دۆزەرەوەی زمانەوانیی زانینی دادەنرێت.

ڕێزمانی زانینی، کە لە لایەن لانگاکەر (١٩٧٨) داهێنراوە، وەک زەکی هەمەوند ڕوونیدەکاتەوە، لەسەر بنەمای کۆمەڵێک بانگەشە بنیاتنراوە؛ یەکەمیان، **زمان سروشتێکی هێمایی هەیە**. هێماکان نوێنەرایەتیی ڕۆنان و واتا دەکەن و لە تویێی تێکچرژانی فۆرم و واتا لە دروستبوونی یەکە زمانیەکاندا، زانینی مرۆڤ بەشدارە لەم پرۆسەیە و بۆیە ئەم ڕێزمانە لە ڕێگای هێماکانەوە، دەبێتە بەشێک لە کۆزانینی بەکارهێنەری زمان. دووەمیان، **ڕۆنانی ڕێزمانی بۆ هەڵگرتنی ناوەرۆکی واتا، گریمانەی ڕۆنانی لێڵ ناکات، بەڵکو وەک ئامرازێک نوێنەرایەتیی گشتاندن دەکات**

**بۆ دیاردەکان**. چونکە ئەزموون و زانیاریی مرۆڤ بەشدارن لە ڕۆنان و دەربڕینی یەکە زمانیەکان، بۆیە فۆڕمە ڕێزمانیەکانیش واتادارن. بانگەشەی سێیەم، **ڕێزمان لەسەر بنەمای بەکارهێنانە،** کۆزانینی زمان لەسەر بنەمای بەکارهێنانی ڕاستەقینە بنیاتنراوە و لەگەڵ ئەزموونی بەکارهێنەرانی زمانیش گەشەدەکات. لەکاتی پێویستیش ئەو دەربڕینە هەڵدەبژێرێت، کە لەگەڵ پێویستی و ڕەوش و ژینگەکە دەگونجێت. (Hamawand 2011, 15) لە کاتی دیاریکردنی بنەما و ئامانج و میکانیزمەکانی ئەم ڕێزمانە، هەمەوەند ڕوونیدەکاتەوە، کە ڕێزمان داهێنراوی دەربڕینە زمانییەکانە و ڕۆنان بەرهەمی چەمکسازیە. ئەمە دیارترین بنەمای ڕێزمانی زانینیە. ئامانجی ئەم ڕێزمانەش، هەوڵدانە بۆ دەستنیشانکردنی ئەو پڕۆسە زانینیانەی، کە لە تێگەیشتن و بەرهەمهێنانی یەکە زمانیەکاندا بەرپرسیارن، بە پێی میکانیزمێک، کە وادەزانرێت پڕۆسەی لێکدانەوەکان کاریگەری لەسەر ڕۆنانە زمانیەکاندا هەیە. (Hamawand 2020, 53)

مۆرفۆلۆجیی زانینی وەک بەرهەمی ڕێزمانی زانینی، بەشێکە لە زمانەوانیی زانینی و ئەویش مۆدێلێکە لە زمانەوانیی گشتی. هەمەوەند سەبارەت بەم زانستە دەڵێت: "مۆرفۆلۆجیی زانینی لقێکی زمانەوانیە، لە کاتی دروستکردنی وشە یان بنیاتنانی قاڵبە مۆرفۆلۆجیەکان، لە لایەنە زانینیەکانی وشەڕۆنان دەکۆڵێتەوە. ڕێبازێکە بۆ وەسفکردنی مۆرفۆلۆجی لەسەر بنەمای تێگەیشتن لە پڕۆسە زانینیەکان لەناو مێشکی مرۆڤدا." (Hamawand 2011, 263). زەکی هەمەوەند بە سوودوەرگرتن لە لانگاکەر و لە ڕێگای سێ تیۆری؛ پۆلبەندی، بواربەندی و چەمکسازی بنەمای مۆرفۆلۆجیی زانینی داناوە و گەشەی پێداوە. بەم جۆرە تیۆری پۆلبەندی بەشێکی هەرە گرنگە لەم گەشەپێدانەدا. بە پێی ئەم تیۆرە، هەمەوەند پەیوەندیی نێوان بەشەڕۆنانەکانی وشە دارِژراو و لێکدرا دەکات بە بنەما، بۆ پۆلینکردنی ئەو جۆرە وشانە. ئەم پۆلبەندییە لەسەر بنەمای ئەزموون و کۆزانینی بەکارهێنەری زمانەکە، وشە بەرهەمهاتوەکان لە

یەکتر جیادەکاتەوە و قاڵبە پێشنموونەییەکان دەستنیشاندەکات و قاڵبەکانی تریش، وەک پەراوێز جیادەکاتەوە.

لێرەدا مەبەستمانە بزانین پرۆسە زانینیەکانی نێو زەینی مرۆڤی کورد، چ ڕۆڵێکیان هەیە لە ڕۆنانی قاڵبە مۆرفۆلۆجیەکانی ناوە لێکدراوەکان لە کوردیی ناوەڕاستدا. ئەمەش نەک تەنیا وەکو زاراوایەکی ڕێزمانی زانینی، کە لانگاکەر و هاوڕەوتەکانی بانگەشەی بۆ دەکەن، بەڵکو لە ڕێگای ناوە لێکدراوە بەرجەستەبووەکانی زمانی کوردیی ناوەڕاست و پۆلبەندیکردنیان لە ڕوانگەی مۆرفۆلۆجیی زانینیدا. ئایا بواری واتایی وشەکان، چ کاریگەریەکی لەسەر فۆرمی ئەو ناوە لێکدراوانە بە گشتی و سەرە و دیارخەرەکانیان بە تایبەتی هەیە ؟ زیاتر بەدوای ئەوەدا دەگەڕێین، ئاخۆ بەپێی تیۆری پۆلبەندی، ناوی لێکدراوی کوردیی ناوەڕاست چۆن دەخرێتەڕوو؟ هەر ناوێکی لێکدراو لە چ پۆلێکە؟ لە چی دروست بووە و پەیوەندیی بەشەڕۆنانەکانی چۆنە؟ سکێما (schema) پێشنموونەکانی کامانەن و پەراوێزەکانی کامانەن؟ بۆ گەیشتن بە وەڵامی ئەم پرسیارانە، پێویستە ناوە لێکدراوە بەکارهاتوەکان لیست بکەین و بە پێی تیۆری پۆلبەندی پۆلبەندیان بکەین.

### ١.١.١- تیۆری پۆلبەندی:

تیۆری پۆلبەندی یەکێکە لە سێ تیۆرە هاوبەشەکەی مۆرفۆلۆجیی زانینی. هەر سێ تیۆرەکان بریتین لە؛ پۆلبەندی، بواربەندی و چەمکسازی. هەر سێ تیۆرەکە دەیسەلمێنن، کە واتا کاریگەری لەسەر داڕشتنی فۆرمی وشەکان هەیە. (Hamawand 2011, xii) زەکی هەمەوەند بۆ سەلماندنی تیۆرەکە، یەکە لێکسیکییەکانی زمانی ئینگلیزی کردوە بە نموونە.

پۆلبەندی زاراوەیەکی نوێیە لە زمانی کوردیدا، واتە پۆلپۆلکردن. زاراوەکە لەم توێژینەوەیەدا، لە جیاتی (علم التصنيف)ی زمانی عەرەبی و (categorization)ی زمانی ئینگلیزی بەکاردێت. هاوکات زاراوەی تریش لە زمانی ئینگلیزی بۆ زاراوەکە هەن وەک؛ (classification)، (typology) و (taxonomy)... هتد. (https://www.thesaurus.com/browse/typology) لەم زاراوانە

(taxonomy)، زاراوەیەکە لە دوو وشەی یۆنانی وەرگیراوە، (taxis) بە واتای ڕیزکردن یان ڕێکخستن و (nomos) بە واتای زانست یان قانوون، (taxonomy) بە واتای زانستی ڕیزکردن دێت. (https://www.uobabylon.edu.iq/eprints/publication_11_27408_52.pdf/)؛

(https://mawdoo3.com) لە زمانی کوردیدا زاراوەی (هاوپۆلکردن) بۆ (taxonomy) و زاراوەی (تایپۆلۆژی) بۆ (typology) و زاراوەی (پۆلینکردن) لە جیاتی (classification) بەکارهاتوە، بەڵام ئێمە زاراوەی (پۆلبەندی) بە هاوبەهای (categorization) دەزانین، کە بە پێوانە لەگەڵ زاراوەکانی؛ خاڵبەندی، ڕیزبەندی و بواربەندی و ...هتد دانراوە. لەم توێژینەوەیەدا زاراوەی پۆلبەندی بەکاردەهێنین، بە شیاویشی دەزانین، کە لە چوارچێوەی زمانەوانیی زانینیدا بەکاربێت.

بە گوێرەی زمانەوانیی زانینی، پۆلبەندی یەکێکە لە تیۆرە بنەڕەتیەکانی زمانەوانی[i]. ئەوەی زۆر گرنگە لێرەدا بگوترێت؛ پۆلینکردن پێش هاتنی زمانەوانیی زانینیە و لەسەر بنەمای جیاوازیەکان کاردەکات، بەڵام پۆلبەندی لە زمانەوانیی زانینیدا، لەسەر بنەمای لێکچوونەکان ئەنجامدەدرێت. پۆلبەندی لای زەکی هەمەوەند بریتییە لە: "کردەی زەینیی بەیەکەوە پۆلپۆلکردنی چەمکە لەژمارنەهاتوەکانی یەکە لێکسیکیەکانە لە پۆلێکدا. لە زمانەوانیی زانینیدا، پۆلبەندی لەسەر بنەمای پێشنموونەیە " (Hamawand 2011, 263) مەبەست لە پێشنموونەش بریتییە لەو چەمکانەی کە وەک سکێما لە زەینی قسەکەردا هەن. یەکێک لە چەمکەکان بۆ دەربڕینێکی سەرەکی و دیاریکراوە و پێی دەگوترێت پێشنموونە[ii] ئەوانی تر لاوەکین و بە پەراوێز (Periphery) ناسراون. پێش شیکردنەوەی ناوە لێکدراوەکان، لە ڕوانگەی تیۆری پۆلبەندیەوە، پێویستە بە هەریەک لە سکێما و پێشنموونە و پەراوێز ئاشنا بین.

سکێما نەخشەی ئەو زانیارییە کەڵەکەبووانەی مرۆڤە، لەسەر بنەمای ئەزموونی ڕابردوو، وەک کۆمەڵە چەمکێک یان وشەی بەیەکەوە بەندن، کە ڕێنمایی تێگەیشتن و فێربوون دەکەن، لە یادگەی درێژخایەنی مرۆڤدا هەڵگیراون. لە زمانەوانیی زانینیدا، سکێما لە پرۆسە زانیەکاندا، بۆ تێگەیشتن

لە شتە نوێیەکان، لە یادگەی کورتخایەندا سوودی دەبێت. ئەمەش وەرگرتنەوەی یادەوەرییەکان لە یادگەی درێژخایەندا خێراتر و کاریگەرتر دەکات. سکێما تیۆری تایبەت بە خۆی هەیە، کە بە تیۆری سکێما ناسراوە و بایەخ بە پرۆسە زانینیەکانی ناو مێشکی مرۆڤ دەدات، کە چۆن گەشە بە کۆزانینی دەدات و سوودی لێ وەردەگرێت . (Loveless 2024, 63-74) بە کۆی سکێماکانی زەین دەگووترێت، سکێماتا.

بۆ ئەوەی چەمکی پێشنموونەمان لا ئاشنا بێت، پێویستە بگەڕێینەوە سەرەتای حەفتاکانی سەدەی بیستەم و بواری دەروونناسیی زانینی، کە خاتوو ئێلینۆر ڕۆش(Eleanor Rosch) زانا لەم بوارەدا، بۆ یەکەمین جار پۆلینکردنی دێرینی بە ئاقاری پۆلبەندیی هاوچەرخدا بردوو، لە بواری پسپۆریەکەیدا بەکاریهێنا. پاشان فیلمۆر و لاکۆف گەشەیان بە چەمکەکە دا و بە تایبەت لاکۆف، لە بواری واتاسازیی زانینیدا بەکاریهێنا و کاتیگۆرییە دەروونییەکانی بۆ کاتیگۆرییە زمانییەکان گۆڕی. ئەو لای خۆیەوە گریمانەکانی تیۆری پێشنموونەی وەک مۆدێلێکی خستنەڕووی زانینی گەشەپێدا. (Evans and Green 2006, 269)

لە بواری مۆرفۆلۆجی بە گشتی و مۆرفۆلۆجیی زانینی و تیۆری پۆلبەندی بە تایبەتی، یەکێک لە تایبەتمەندیەکانی یەکە مۆرفۆلۆجییەکان پەیوەندی بە فرەیی زمانیەوە هەیە، کاتێک کۆمەڵە چەمکێک لە دەوری چەمکێک یان نموونەیەک کۆدەبنەوە، کە یەکەمین جار لە سکێما تۆمارکراوە، بەو چەمکە نموونەییە دەگوترێت پێشنموونە و بە چەمکەکانی دەوروبەری دەگوترێت پەراوێز. بەم شێوەیە هەر چەمکێک پێشنموونەیەکی هەیە و چەندان نموونەی پەراوێز. وەک هەمەوەند دەڵێت: "پێشنموونە ئەو ئەندامەیە، کە تایبەتمەندیە سەرەکیەکانی پۆلەکەی تێدایە. ئەو چەمکەی، کە یەکەمجار دێتە بەرچاو و دیارترین نموونەی پۆلەکەیە. بەڵام پەراوێز ئەو چەمکانە دەگرێتەوە، کە بە هۆی درێژکراوەی واتاییەوە بە پێشنموونەکە بەستراونەتەوە" (Hamawand 2011, 42). پێشنموونە زۆربەی زۆری تایبەتمەندیەکانی پۆلەکەی تێدایە بەڵام پەراوێز تەنیا هەندێک لەو

تایبەتمەندیانەی تێدایە. واتە تایبەتمەندیەکانیان لەیەک دەچن، بەڵام لە ڕووی بەکارهێنانەوە تایبەتمەندیەکانی پێشنموونە لەوانی تر زیاترە. بۆ نموونە چەمکی شوێنی نیشتەجێبوون لە وشەکانی (خانوو، کۆشک، تەلار، باڵەخانە، کۆڵیت، کوخ)دا هەیە. بەڵام (خانوو) نموونەیەکی هەرە دیار و سەرەکییە بۆ ئەم چەمکە و پێشنموونەیە، ئەوانی تر نموونەی لاوەکین و پەراوێزن. ئەم پەراوێزانە بە گوێرەی ڕاددەی لێکچوونیان لەگەڵ پێشنموونەدا ڕێکدەخرێن، بۆیە هەندێک جار پلەبەندییان بۆ دەکرێت، بەڵام لەم توێژینەوەیەدا تەنیا پەراوێزەکان لە پێشنموونەکان جودا دەکرێنەوە و پلەبەندی بۆ پەراوێزەکان ئەنجامنەدراوە.

## ٢.١- ناوی لێکدراو:

دروستکردنی وشە لە زمانی کوردیدا بە ڕێگای پرۆسەی لێکدان، پرۆسەیەکی بە بەرهەمە (سامی حوسێن قادر ٢٠١٧: ٩٥–٩٧). ئەو وشەیەی کە بەم ڕێگایە بە فۆرم و واتای نوێوە بەرهەمدێت، چ بە دوو مۆرفیمی سەربەخۆ یان زیاتر، چ مۆرفیمێکی سەربەخۆ و ڕەگێک یان زیاتر، پێی دەگوترێت وشەی لێکدراو.

پرۆسەی لێکدان لای مەحویی بریتییە لە: "خستنەتەکیەکی چەند مۆرفیمێکی سەربەخۆ یان زنجیرە مۆرفیمێکی سەربەخۆیە بۆ دروستکردنی وشەی لێکدراو، بەبێ یارمەتی یان بە هۆی مۆرفیمی لێکدەرەوە" (محەمەدی مەحویی ٢٠٢١, ٧٢). بەڵام کویرک دەڵێت: "بە گشتی وشەی لێکدراو تەنیا لە دوو بنکە پێکدێت، لە ناوخۆیدا هەرچەند ئاڵۆزیش بێت". (Quirk et al. 1987, 1567). بەم شێوەیە بە گوێرەی ئەم پێناسانە مامەڵە لەگەڵ فۆرمی وشەلێکدراوەکان دەکرێت.

ناوی لێکدراویش وەک بەشێک لە وشەی لێکدراو لە زۆربەی سەرچاوە زانستیەکانی زمان پێناسەکراوە. لای کاتامبا: "ناوی لێکدراو جۆرێکە لە وشەی لێکدراو، کە ناوێکی تێدایە و سەرەیە، جا سەرەکە لای ڕاست بێت یان لای چەپ... وشەکە بەلانی کەم لە دوو بنکە پێکدێت، کە هەردووکیان وشەن یان مۆرفیمی ڕەگن... هەندێک جار بنکەکە گیرەکێکیشی پێوەیە. وەک؛

(hairdresser) و (kindhearted)" (KATAMBA 2006, 305-55-56). لە زمانی کوردیشدا نموونە هەیە، وەک؛ دڵخۆشی، سەرشێتی، شەوکوێری... هتد. سەبارەت بە ناوی لێکدراو، زەکی هەمەوەند دەڵێت: "ڕۆنانێکە لە دوو مۆرفیمی سەربەخۆ یان دوو بەشەڕۆنانی لێکسیکی دروستدەبێت. ڕۆنانی وشەی لێکدراو، بۆ دەربڕینی بیرۆکەیەکی نوێ بەکاردێت. بەشەڕۆنانی لای دەستەچەپ [لە زمانی ئینگلیزیدا] کە دیارخەرە، دەکرێت هەر بەشە ئاخاوتنێک بێت، ناو، هاوەڵناو یان کار. بەشەڕۆنانی لای دەستەڕاست، کە سەرەیە ناوێکە و پرۆفایلی بڕیاردەرە بۆ ناوە بەرهەمهاتووەکە." (Hamawand,2011, 203). هاوکات هەمەوەند ڕوونیدەکاتەوە، کە سکێمای ناوی لێکدراو بریتییە لە [N+-]، کە شوێنی بۆشاییەکە بە بەشە ئاخاوتنی جیاواز پڕدەکرێتەوە.

وشەی لێکدراو بە گشتی و ناوی لێکدراو بە تایبەتی، لە ڕێزمانی دێرینەوە تا ئێستا لە ژێر ناوی جیاجیا لە سەرچاوە ڕێزمانیەکاندا پۆلینکراون[iii]، بۆیە بە پێویست نازانرێت لێرەش پۆلینبکرێنەوە.

## ٣.١- پۆلبەندیی ناوی لێکدراو:

لە کاتی دروستبوونی ناوێکی لێکدراوی وەک (football stadium) لە یەکگرتنی دوو بەشەڕۆناندا، هەمەوەند بەم شێوەیەی خوارەوە ڕوونیدەکاتەوە، کە چوار فاکتەری هاوهێز لەکاردان بۆ پۆلبەندی ئەو ناوە لێکدراوە؛

یەکەم/ بەشە ڕۆنانەکان لە دوو ڕووەوە کاریگەرییان لەسەرە. لە ڕووی مۆرفۆلۆجیەوە، بەشەڕۆنانی (foot) لەگەڵ بەشەڕۆنانی (ball)، ڕۆنانی لێکدراوی (football) دروستدەکات. لە ڕووی واتاییشەوە، (foot) مامەڵە لەگەڵ شتێک دەکات، کە بە (ball) ناسێنراوە. بە یەکگرتنی ئەو دوو بەشەڕۆنانە، ڕۆنانی واتاداری لێکدراوی (football) بەرهەمدێت.

دووەم/ لەم وشەیەی زمانی ئینگلیزیدا، بەشەڕۆنانی لای چەپ (foot) وابەستەیە و بەشەڕۆنانی لای ڕاست (ball) خۆبەڕێوەبەرە. واتە (foot) لاوەکییە و لە ناو پێکهاتەی واتاداری (ball)دا دەتوێتەوە و جۆری وشە نوێیەکە دیاریدەکرێت. (football) بە واتای؛ (تۆپی پێ یان تۆپێک کە بە پێ لێیدەدرێت).

سێیەم/ بەشەڕۆنانی لای چەپ (foot) وەک دیارخەرێک کاردەکات، لە کاتێکدا بەشەڕۆنانی لای ڕاست (ball) وەک سەرە و دیاریکەری پڕۆفایلی وشە نوێیەکە. کەواتە لە (football)دا، (ball) بنکەی سەرەکیی ناوە لێکدراوەکەیە.

چوارەم/ ئەگەر وشەی (football) بوو بە بنکە بۆ ڕۆنانی وشەیەکی تری ئینگلیزی وەک وشەی (football stadium). ڕۆنانی وشە نوێیەکە، لە پرۆسەی یەکەمدا، لە ئەنجامی ڕیزبوونی دروستی بەشەڕۆنانەکانە دروستبووە. لە دروستبوونی وشەکەدا، لە سەرەتا (foot) لەگەڵ (ball) لێکدەدرێن بۆ دروستبوونی (football). پاشان لە پرۆسەی دووەمدا، (football) لەگەڵ (stadium) لێکدەدرێن تا دەربڕینەکە بە فۆرم و واتای نوێ دەردەچێت.

بەپێی تیۆری مۆرفۆلۆجیی زانینی، لەکاتی ڕوونکردنەوەی بەشەڕۆنانەکانی وشە لێکدراوەکان، پێویستە ڕەچاوی دوو چەمک بکرێت. ئەوانیش؛ توانای پێکهاتن (compositionality) و توانای شیکارکردن (analyzability). لە چەمکی یەکەمدا، کە توانای لێکدان و داڕشتنە، واتای دەربڕاوە لێکدراوەکان بریتییە لە واتای بەشەڕۆنانەکانی. وەک لە وشەی (football)دا. بەڵام لە چەمکی دووەمدا، کە توانای شیکارکردنە، واتای وشە لێکدراوەکە یەکسەر لە بەشەڕۆنانەکانیدا نادۆزرێتەوە، بەڵکو لە ڕێگای شیکارکردن و کەلتوورەوە دەگەینە واتای وشە نوێیەکە. بۆ نموونە لە وشەی (skinhead)دا، وشەکە لە زمانی کوردیدا (سەرکەپیست، سەرکدوو، سەرسفر)ی پێ دەگوترێت و بە واتای؛ (کەسێک یان گەنجێکی سەرسفرکراو). ئەم وشەیە زیاتر بۆ شکاندن و گاڵتەپێکردن و ڕەگەزپەرستیە. (Hamawand 2011, 202-203) جا ئەگەر کەسەکە بە زەوقی

خۆی سەری خۆی سفرکرد، ئەوە مۆدێلێکە و چەژی لێ وەردەگرێت، بەڵام ئەگەر بەزۆری سەریان سفر کرد ئەوە سوکایەتی پێکردنیەتی و ئازار دەچێژێت.

لەگەڵ دروستبوونی ناوی لێکدراو، ئەگەری هەبوونی پەیوەندی جۆراوجۆر هەیە لەنێوان بنکە و پێکهێنەرەکانی وشەکە، کە خۆیان لە سەرە و دیارخەر دەبیننەوە. زەکی هەمەوەند چەندێک لەو پەیوەندیانە دەخاتەڕوو لە دروستکردنی کاتیگۆریی لێکسیکیی جۆراوجۆر. ئەمەش لە ڕێگەی: "ئەو چەمکەی لە زەینی قسەکەردا هەیە وەکو سکێما، نموونەیەکی گشتی بە پێی پێکهاتەی ناوەوەی بنکە گشتییەکانی جۆرێک وشەی لێکدراو دەخاتەڕوو" (Hamawand 2011, 204-214). توێژەریش بە سوودوەرگرتن لەم کارە، پەیوەندیی بەشەڕۆنانی ناوە لێکدراوەکان لە زمانی کوردیدا دەخاتەڕوو.

## ٢. ناوی لێکدراوی کوردیی ناوەڕاست لە ڕوانگەی تیۆری پۆلبەندیەوە:

لەم تەوەرەیەدا، بەو میتۆدەی کە هەمەوەند لە تیۆری مۆرفۆلۆجیی زانینی پیادەی دەکات، لە سێ هەنگاودا: دەستنیشانکردنی پێشنموونەی پۆلە لێکدراوەکان، دیاریکرنی پەراوێزەکان و دواییش هێنانەوەی نموونە. لێرەدا بە پەیڕەوکردنی هەمان ئەو هەنگاوانە، پۆلبەندیەکە ئەنجامدەدرێت. سەرەتا بە سکێماکانی پێشنموونەی ناوە لێکدراوەکان دەستپێدەکرێت پاشان سکێمای پەراوێزەکانی ناوە لێکدراوەکان بە نموونەوە دەستنیشاندەکرێن.

لە هەڵبژاردنی ناوە لێکدراوەکانیشدا، لەم توێژینەوەیەدا، پشت بە پێناسەی پرۆسەی لێکدان دەبەستین، کە نازەنین دەڵێت: "کردەی پێکەوەبەستنی وشە فەرهەنگیەکانە، کە فۆڕمی سەربەخۆن لەگەڵ یەکتردا، یان بە مۆرفیمی بەندی (تاقانە، بنکەیی، خۆیی، ڕەگ) بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ (بێ ئامراز) یان بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ (بە ئامراز) پێکدێت" (نازەنین جەلال ئەحمەد ٢٠٠٤، ٨٤) ئەم توێژینەوەیە ئەم پێناسەی سەرەوە بە بنەما وەردەگرێت بۆ ئەو وشانەی کە لە توێژینەوەکە وەک کەرستەیەک سوودیان لێوەرگیراوە.

لە هەندێک شوێن، پەیوەست بە گرفتی نێوان وشەی لێکدراو و گرێی ناوی هەیە، کە لە (ی)دا بە ڕواڵەت لە یەک دەچن. هەندێک لە وشەکان کە بە تەواوی یەکلانەبووبوونەوە لابراون. مانەوەی ئەوانی تر، لەسەر بنەمای دوو پێوەرە؛ یەکەم/ (فاروق عومەر سدیق٢٠١٧؛ ٣٠٤-٣٠٦) چەندان وشەی لەم جۆرەی تۆمارکردوون وەک؛ نووکی پێ، برنجی کوردی، هەناری ساڵح خانی، بازنی ئاڵتوون، میرنشینی بابان، ...هتد. نموونەکانی ئەم توێژینەوەیەش لەسەر بنەمای (نموونەی چاولێکراو) هاتوون، کە وەکو ناو لە زاری کوردیی ناوەڕاست بەکاردێن.

دووەم/ پێوەرێکی تری یەکلاکەرەوەی (ی) نێوان بەشەڕۆنانەکانی وشەی لێکدراو، کە بە ڕواڵەت لە ئامرازی (ی)ی خستنەسەر دەچێت، لەگەڵ (ی)ی گرێ کە ئامرازێکی سینتاکسیە، ئەوەیە؛ کاتێک نیشانەی ناسیاوی یان هاوەڵناوی نیشانە دەچنە سەر گرێیەکی ناوی، (ی) دەگۆڕێت بە (ە)، بەڵام لە وشەی لێکدراودا (ی) پارێزگاری لەخۆی دەکات و وەکو خۆی دەمێنێتەوە. ئەمەش لەگەڵ هەمان بنەما یەکدەگرێتەوە، کە پێیوایە؛ هیچ کەرەستەیەک ناچێتە نێوان بەشەڕۆنانەکانی یان کەرەستە لێکدراوەکانی وشەی لێکدراو.

بۆ نموونە، لە گرێی (گوڵی سوور)دا، (ی) دەگۆڕێت بە (ە).

گوڵە سوورەکە.
ئەو گوڵە سوورە.
بەڵام لە وشەی لێکدراوی (وەزیری داد)دا، (ی) ناگۆڕێت بە (ە).

ئەو وەزیری دادە.
*ئەو وەزیرە دادە.
ئەو بنەمایە ئێستا لە زمانی کوردی بەکاردێت و ئێمەش بەکارمانهێناوە.

## ١.٢- پۆلبەندیی ڕۆنانی پێشنموونەکانی ناوی لێکدراو

لە ڕۆنانی ناوی لێکدراودا، بە پێی تیۆری پۆلبەندی وەک بەشێک لە مۆرفۆلۆجیی زانینی لای هەمەوەند، (Hamawand 2011, 203-208) لە ناوی لێکدراوی زمانی ئینگلیزیدا، پەیوەندیی سەرە و دیارخەر پیشاندراوە، کە ئەو پەیوەندییە لە نێوان هەردوو بنکەی وشە لێکدراوەکەدا هەیە.

لێرەدا پەیوەندیی سەرە و دیارخەری بەشەڕۆنانەکانی ناوی لێکدراوی کوردیی ناوەڕاست لە ڕوانگەی هەمان تیۆرەوە دەخرێتەڕوو و بە ڕۆنانی پێشنموونەی ناوە ناوسازەکان دەستپێدەکرێت. واتە؛ کاتێک کە هەردوو بەشەڕۆنانەکەی وشە لێکدراوەکە ناو بن. بە وشەی لێکدراوی چەقناوەکی دەناسرێن.

وشەی لێکدراوی چەقناوەکی وەک مەحویی بە سەر ناوەکی ناوی بردوە، چونکە "سەرە واتاییەکەی ئامادەیە" (مەحویی، مەنامە ٢٠١٦، ٢١٩). سەعید کەرەمی سەبارەت بەم جۆرە وشانە دەڵێت: "ئەگەر مەرج و لێڤەگەڕی وشەی لێکدراو بۆ سەرەی دەروونی خۆی بگەڕێتەوە، ئەوە بەم چەشنە لێکدراوە دەڵێن: لێکدراوی دەروون تەوەرە. واتە تەوەرەی وشەکە لە دەروونی خۆیدایە" (سەعید کەرەمی ٢٠١٧، ١٨٦). کەواتە واتای وشەی لێکدراو لە واتای یەکێک یان هەردوو بەشەڕۆنانی وشەکە هەڵدەهێنجرێت و واتای وشە لێکدراوەکە لەناو خودی خۆیدایە. دەکرێت ناوە لێکدراوەکانی ئەم وشانەش، بە ناوی لێکدراوی چەقناوەکی ناونراون، کە لە پێشنموونەدا بەم شێوەیە دەخرێتەڕوو:

(ناوی سادە + ناوی سادە = ناوی لێکدراو)

یان (ناوی سادە+ ناوبەندێک + ناوی سادە = ناوی لێکدراو

لە زمانی کوردیدا، بۆ نموونە لە پرۆسەی [ن [ن دار] [ن بەڕوو]]، کە چەقناوەکیە، وشەی (داربەڕوو) لە ناوی (دار) و ناوی (بەڕوو) دروستبووە. وشەکە واتای ئاماژەبۆکراوی بەشەڕۆنانەکانی خۆی وەرگرتوە؛ دارێکە، بەڕوو دەگرێت یان بەرەکەی بەڕووە. کاتێک وشە لێکدراوەکە دوو بنکە و زیادەیەکی تێدایە، دەشێت زیادەکە ناوبەندێک بێت بکەوێتە نێوان هەردوو ناوەکە. وەک [ن [ن چاڵ] [ناوبەند ە] [ن بەفر]]، کە چەقناوەکییە، وشەی (چاڵەبەفر) لە ناوی (چاڵ) و تاوبەندی (ە) و ناوی (بەفر) دروستبووە. وشەکە واتای بەشەڕۆنانەکانی خۆی وەرگرتوە؛ چاڵێکە، لە زستانان بەفری تێدەکرێت، تاکو لە هاویندا بەفرەکە بەکاربهێنرێت.

پەیوەندیی سەرە و دیارخەر لە ناوی لێکدراوی زمانی کوردیدا، بەم شێوەیەی خوارەوە ڕێکدەخرێت:

**٢. ١. ١. سەرە بەشێکە لە دیارخەر.** چەمکەکە پەیوەندیی (بەش ـ گشت) دیاریدەکات. بە شێوەیەک دیارخەرەکە گشتە و سەرەش بەشێکە لەو گشتە بۆ نموونە؛ لە وشەی (پەڵیتەسۆپا)دا (پەڵیتە) سەرەیە و بەشێکە لە (سۆپا)، کە دیارخەرە.

پەڵیتە + سۆپا = پەڵیتەسۆپا

نموونەی تریش هەن لەسەر پەڵیتە وەک؛ (پەڵیتە تەباخ، پەڵیتە سەماوەر). نموونە لەسەر ئەندامەکانی جەستە (پەنجەپێ)، جلوبەرگ (یەخەکراس) و سروشت (لووتکەشاخ) ...هتد.

**٢. ١.٢. دیارخەر بەشێکە لە سەرە.** لەم چەمکەدا، سەرە گشتە و دیارخەر بەشەکەیەتی. واتە پەیوەندیی (گشت ـ بەش) دروستدەبێت. بۆ نموونە لە (دارگوێز)دا، کە بەم شێوەیە دروستبووە.

دار+ گوێز= دارگوێز

لە ڕووی واتاشەوە، بەشەڕۆنانی یەکەم (دار) سەرەیە، بە گشتی هەموو جۆرە دارێک دەگرێتەوە. بەشەڕۆنانی دووەم (گوێز) دیارخەرە و جۆرە بەرهەمێکە، کاکڵەکەی دەخورێت و توێکڵەکەی بۆ پیشەسازی بەکاردێت. لە دروستبوونی وشەی لێکدراوی (دارگوێز)دا، کە بە واتای؛ دارێک، بەرەکەی گوێز بێت دێت. (گوێز) بەشێکە لە (دار)ەکەی کە گشتە. نموونەی تریش هەن وەک (داربەڕوو، دارخورما،...هتد.). لەم وشە لێکدراوانەشدا هەست بە بوونی پەیوەندیی خاوەنداریێتی یان هەیی دەکرێت، کە هەمان پەیوەندیی (گشت ـ بەش)ی هەیە.

**٢. ١.٣. سەرە لە دیارخەر دروستدەکرێت.** چەمکی دروستکردن کاتێک دێتەئارا، کە سەرەش بەرهەمەکە نیشانبدات و دیارخەر پێشنیاری ماددەکە بکات یان سەرچاوەکە بێت. ئەمە پەیوەندیی

(بەرهەم ـ سەرچاوە) پێکدەهێنێت. واتە دیارخەر تێکردەیە و سەرەش دەرکردە. وەک "کەلابەرد، کەلاشووشە، کەلامز" (شێخانی، ٢٣٤). وشەی لێکدراوی (کەلابەرد)، کە بەم شێوەیە دروستبووە.

کەلا+ بەرد= کەلابەرد

لە ڕووی واتاوە، (کەلا) سەرەیە، بە واتای "هەڵمات: مات: تەبەل: موشین: شێوەخڕە لە شووشە و بەرد و مز دروستدەکرێت بۆ یاری پێ کردن ..." (شێخانی، ٤٣٥). (بەرد) دیارخەرە، ماددەیەکی ڕەقە لە سروشتدا، بۆ کاری جۆراوجۆر بەکاردێت. وشەی (کەلابەرد) بە واتای؛ کەلایەک، کە لە بەرد دروستکرابێت دێت. یان (گۆرییەبەن) بە واتای؛ گۆرییەک، کە لە بەن دروست کرابێت. (گۆری) سەرەیە و ناوێکە و (بەن)یش ناوە، دیارخەرە. وشەی تریش وەک: مەنجەڵە ستیل، دەرکەدار، شیشەئاسن، ...هتد.

**٢. ١.٤. سەرە بۆ دیارخەر بەکاردێت.** دیارخەر ناوی ئامانجێکە و سەرە ئامێر و هۆکارە بۆ گەیشتن بەو ئامانجە. ئەمەش پەیوەندیی (ئامێر – ئامانج) نیشاندەدات. بۆ نموونە لە وشەی (کیفەخەو)/ (کیسەخەو)دا، کە بەم شێوەیە دروستدەبێت.

کیف+ ە+ خەو = کیفەخەو

لە ڕووی واتاشەوە، وشەی (کیف) بە واتای "چەرمێکی دوو توێی هەڵدرواوە، هێندێ شتی تێ ئەخرێ" (خاڵ٣، ١٥٧) یان "توورەکەی چەرمین بۆ تێخستنی شت" دێت لەگەڵ وشەی (خەو) بەهۆی ناوبەندی (ە) لێکدەدرێن دروستدەبێت. (کیفەخەو) کەلوپەلێکی گەشتیاری و شاخەوانیە، بە واتای؛ کیفێک، لە ناویدا بخەویت. وشەی لێکدراوی (گڵەسەر)یش جۆرە گڵێکە یان "قوڕێکی زەردە ژنان سەری پێ دەشۆن" (هەنبانەبۆرینە:٦٩٩)، تا مووی سەریان نەرم و بریقەداربێت. چەندان نموونەی تریش هەن وەک: گڵەماک، بەردەهەسان، بەردەنوێژ، گیاڕەنگ، گاجووت،...هتد.

**٢. ١. ٥ـ دیارخەر بۆ سەرە بەکاردێت.** ئەم چەمکە کاتێک بەدیدێت، کە دیارخەر ئامێرێکە و بۆ سەرە بەکاردێت، کە ئامانجەکەیە. ئەمە پەیوەندیی (ئامێر ـ ئامانج) نیشاندەدات. بۆ نموونە

وشەکانی وەک؛ هەڵمەوزە، خۆرەوزە...هتد. ناوی لێکدراوی ئەم چەمکە، لە ڕووی فۆڕمەوە لە سەرە و دیارخەری ناوی، بەهۆی ناوبەندێکەوە دروستدەبێت.

هەڵم + ە + وزە = هەڵمەوزە

لەم نموونەیەدا، لە ڕووی واتاوە، بەشەڕۆنانی یەکەم (هەڵم) کە ناوە و دیارخەرە، لەگەڵ بەشەڕۆنانی دووەم (وزە)، کە ناوە و سەرەیە بەهۆی ناوبەندی (ە) لێکدەدرێت و ناوی لێکدراوی (هەڵمەوزە) دروستدەبێت، ئەم ناوە بە واتای؛ وزەیەک، کە هەڵم بۆ دروستبوونی بەکارهاتوە. ناوی لێکدراوی (خۆرەوزە)ش، بە واتای؛ وزەیەک، کە خۆر بەکاردێت بۆ دروستبوونی.

هەمان سکێما و چەمکی **دیارخەر بۆ سەرە بەکاردێت**، پەیوەندیی (ئامانج ـ ئامێر) لە جێگۆڕکێی سەرە و دیارخەر بەدی دەکرێت. وەک لە وشەکانی (خشتەقوڕ)دا. لەڕووی فۆڕمەوە، وشەکە لە دوو بنکە پێکهاتوە:

خشتە + قوڕ = خشتەقوڕ

لە ڕووی واتاوە، (قوڕ) کە ناوە و دیارخەرە، لەگەڵ (خشتە) کە ناوە و سەرەیە، وشەی لێکدراوی (خشتەقوڕ) پێکدەهێنن. خشتەقوڕ بە واتای؛ خشتێک، کە قوڕ بۆ دروستکردنی بەکاردێت.

**٢ـ ١ـ ٦ـ سەرە بە دیارخەر کاردەکات.** ئەم چەمکە کاتێک دروستدەبێت، کە سەرە ناوێکە و بە هۆی دیارخەر کاردەکات. لێرەدا پەیوەندیی (ئامانج ـ ئامێر) هەیە. وەک: (کارەبای موەلیدە). وشەی (کارەبای موەلیدە) لە ڕووی فۆڕمەوە لە دوو بەشەڕۆنان، کە بەهۆی (ی)ی دیارخەر پێکدێت.

کارەبا+ ی+ موەلیدە = کارەبای موەلیدە

لە ڕووی واتاوە، بەشەڕۆنانی یەکەم (کارەبا)، کە ناوە و سەرەیە لەگەڵ بەشەڕۆنانی دووەم (موەلیدە)، کە قەردەوشەیە (loanword) و لە زمانی عەرەبی وەرگیراوە، دیارخەرە، بەهۆی (ی)

وشەی لێکدراوی (کارەبای موەلیدە)یان دروستکردوە. کارەبای موەلیدە واتا؛ کارەبایەک، کە بە موەلیدە کاردەکات.

**٢-١-٧- سەرە دەفری دیارخەرە.** ئەم چەمکە کاتێک پەیدادەبێت، کە سەرە دەفرێکە و دیارخەریش مادەیەکە تێیدا هەڵدەگیرێت. پەیوەندیەکەیان بە (تێکراو-دەفر) دیاردەکرێت. وەک وشەی؛ گڵکەند، شیرمەشک ...هتد. لە ڕووی فۆڕمەوە بەم شێوەیەیە.

گڵ + کەند = گڵکەند

نموونەکە لە ڕووی واتاوە بەم شێوەیە لێکدەدرێتەوە؛ بەشەڕۆنانی دیارخەر، کە وشەی (گڵ) هاوواتای خۆڵە، لەگەڵ بەشەڕۆنانی سەرە، کە وشەی (کەند)ە بە واتای؛ شوێنێک، لە ئاستی دەوروبەری نزمترە و جاربەجار ئاوی پێدا دەڕوات، لێکدەدرێن و ناوی لێکدراوی (گڵکەند) دروست دەبێت، کە ناوێکی تۆپۆنۆمیە بە واتای؛ کەندێک، کە گڵی تێدەکرێت یان گڵی لێ دەبرێت، دێت. گەڕەکێک لە شاری هەولێر هەیە بە ناوی گڵکەند. بەهەمان شێوە ناوێکی لێکدراوی وەک (شیرمەشک)، بە واتای؛ مەشکێک، کە شیری تێ دەکرێت. ئەم جۆرە دەفرە کۆنەی کوردەواری، بێریەکان شیریان تێدا دەگواستەوە، لە بەر بێرەوە بۆ ماڵ. لە فۆلکلۆردا هاتوە: "بازی بێریان دوورە دێیە، ئەمانەمان. بێری دێن، شیرمەشکیان پێیە". بە جێگۆڕکێی سەرە و دیارخەر لەم سکێمایەدا، پەیوەندیی (دەفر ـ تێکراو) دروستدەبێت. وەک وشەکانی؛ چاڵەبەفر، چاڵەقیر...هتد. کە فۆڕمەکەی بەم شێوەیەیە:

چاڵ + ە+ قیر= چاڵەقیر

لە ڕووی واتاوە، وشەی لێکدراوی (چاڵەقیر) لە وشەی (چاڵ)، کە ناوە و سەرەیە، لەگەڵ وشەی (قیر)، کە ناوە و دیارخەرە بەهۆی ناوبەندی (ی) دروستدەبێت. چاڵەبەفر بە واتای؛ چاڵێک، کە زستانان بەفری تێدەکرێت یان بەفری بۆ هاوین تێدا هەڵدەگیرێت، دێت.

**٢. ١. ٨. سەرە دەفری دیارخەرە.** ئەم چەمکە کاتێک پەیدادەبێت، کە سەرە دەفرێکە و دیارخەریش مادەیەکە تێیدا هەڵدەگیرێت. پەیوەندیەکەیان بە (دەفر ـ شتی دانراو) دیاردەکرێت. وەک وشەکانی: سەوەشیر، مەشکەدۆ، غەڵیفەمێش ...هتد. لە ڕووی فۆڕمەوە ئەم قالبەی بۆ بەکاردێت. وەک نموونەی

سەوە + شیر = سەوەشیر

لە ڕووی واتاوە، وشەی لێکدراوی (سەوەشیر) کە لە سەرە یان بەشەڕۆنانی یەکەم (سەوە)، بە واتای "سەبەت، سەبەتە" (هەنبانەبۆرینە:٤٥١) یان ئەو دەفرەی لە شێوەی مەنجەڵ و سەبەتەیە، لە شوولەبی دروستدەکرێت. لەگەڵ دیارخەر یان بەشەڕۆنانی دووەم (شیر) مەبەست؛ ئەو خۆراکە سپیە شلەیەی لە ئاژەڵ یان ڕووەک وەردەگیرێت، لێکدەدرێت و ناوی لێکدراوی (سەوەشیر)ی لێ بەرهەمدێت. بە واتای؛ ئەو دەفرە گەورەیەی لە بی دروستدەکرێت و لە شوێنی فێنک و شێدار دادەنرێت، بۆ مەبەستی پاراستن، شیری تێدا هێڵدەگیرێت.

**٢. ١. ٩. سەرە دەکەوێتە دیارخەرەوە.** ئەم چەمکە کاتێک دروستدەبێت، کە دیارخەر ناوی شوێنێکە و سەرەش ناوی شتێکە لە شوێنەکە جێگیردەبێت. پەیوەندیەکە بە (شت ـ شوێن) بەدیدەکرێت. وەک لە وشەی (بەردە ڕووبار)دا، (بەرد) ناوە و سەرەیە، بەهۆی ناوبەندی (ە)وە لەگەڵ ناوی (ڕووبار) لێکدەدرێت و وشەی لێکدراوی (بەردەڕووبار) دروستدەبێت، بە واتای؛ بەردێک، کە خڕ و لووسە، شوێنکەی ناو ڕووبارە یان لەناو ڕووباردا دەرهێنراوە.

**٢. ١. ١٠ ـ دیارخەر دەکەوێتە سەرەوە.** ئەم چەمکە ئەوکاتە دێتەئارا، کە دیارخەر ناوی شتێکە و سەرەش ناوی شوێنێکە و دیارخەری لێیە یان لێی جێگیردەکرێت. ئەمەش بە پەیوەندیی (شوێن ـ شت) لەقەڵەمدەدرێت. وەک وشەکانی؛ ڕەزەسماق، ڕەزەترێ، ...هتد کە لە ڕووی فۆڕمەوە بەم شێوەیەیە.

ڕەز + ە + ترێ = ڕەزەترێ

لە ڕووی واتاوە (ڕەزەترێ)، کە لە بەشەڕۆنانی (ڕەز) وەکو سەرە و بەشەڕۆنانی (ترێ) بەهۆی ناوبەندی (ە)ەوە پێکهاتوە، بە واتای؛ ڕەزێک، کە ترێی لێ هەیە. هەر بە هەمان ڕێگا، (ڕەزەسماق) بە واتای؛ ڕەزێک، کە سماقی لێیە. تێبینی ئەوەش دەکرێت، کە خاوەنداریێتی تێدا بەدیبکرێت. وەک بڵێی: (ڕەزی ترێ) یان (ڕەزی سماق). لە نموونەیەکی تردا وشەی (بەردەتخووب)، وەک لە پەیوەندیی (شت ـ شوێن)دا دەبینرێت

بەرد + ە + تخووب = بەردەتخووب

ئەگەر مەبەست بەردەکە بێت، و لە ڕستەی (بەردەتخووبەکە مەشکێنە)دا، ئەوا لە ڕووی واتاوە وشەی (بەردەتخووب) بەم شێوەیە لێکدەدرێتەوە؛ بەشەڕۆنانی (بەرد) کە ناوە و سەرەیە، مەبەست لێی بەردی ئاساییە، بەهۆی ناوبەندی (ە)وە لەگەڵ بەشەڕۆنانی سەرە کە ناوە و دیارخەرە (تخووب) بە واتای سنوور، لێکدەدرێن و ناوی لێکدراوی (بەردەتخووب) دروستدەبێت. بەردەتخووب واتا؛ بەردێک، کە لە سنوور جێگیر دەکرێت.

**٢ـ ١ـ ١١ـ سەرە کاتی دیارخەرە.** ئەم چەمکە کاتێک دەردەکەوێت، کە دیارخەر نوێنەرایەتیی ئەو شتە یان چالاکیە دەکات، کە لە سەرەدا وەک کات دەردەکەوێت. پەیوەندیەکە بە (شت ـ کات) دیاردەکرێت. وەک لەم نموونانەدا؛ سەرماوەز، مەرگەسات، بەزمەسات، ...هتد. لە ڕووی فۆڕمەوە بەم شێوەیە دەنووێنرێت.

بەزم+ ە+ سات= بەزمەسات

لە ڕووی واتاوە، بەشەڕۆنانی یەکەم (بەزم)، کە ناوە و دیارخەرە، بەهۆی ناوبەندی (ە)ەوە لەگەڵ بەشەڕۆنانی دووەم (سات) کە ناوە و سەرەیە بە واتای (کات) لێکدەدرێن و وشەی لێکدراوی (بەزمەسات) دروستدەبێت. بەزمەسات بە واتای (ساتێک، بۆ بەزمورەزم یان کۆمێدیا) دێت. نموونەی تریش لە هەمان پەیوەندیی وشەی (بەرگەنوێژ)ـە. وەک لەم قالبەدا دەردەکەوێت.

بەرگ + ە + نوێژ = بەرگەنوێژ

وشەی لێکدراوی (بەرگەنوێژ)، کە سەرە و دیارخەرەکەی دوو ناوی سادەن، لە ڕێگەی ئامرازی (ە) لێکدراون، لە ڕووی واتاوە؛ بەشەڕۆنانی یەکەم (بەرگ) بە واتای (بەرگێک، بۆ داپۆشینی شتێک) و وشەی (نوێژ) ڕوکنێکی موسڵمانێتیە، کە پاڕانەوە و کڕنۆشی تێدایە بۆ (الله). هەرچی ناوی لێکدراوی (بەرگەنوێژ)ە، بە واتای؛ بەرگێک، کە ئافرەتی موسڵمان لە کاتی نوێژکردندا دەیپۆشێت.

**٢. ١. ١٢. دیارخەر کاتی سەرەیە.** ئەمە چەمکێکە کاتێ دیارخەر بریتییە لەو ماوەیەی کە سەرە وەک شت یان چالاکی دێتەئارا. بە پەیوەندیی (کات ـ شت) ناودەبرێت. وەک لەم نموونانە؛ چێشتەنوێژ، شەونوێژ، شەوداو، شەواو، ئێوارەپیاسە، شەوچەرەز، هاوینەهەوار، بوارەکانی، وەرزەباران ...هتد ئەم جۆرە وشە لێکدراوانەش لەم قالبانەدا بەکاردێن.

شەو + نوێژ = شەونوێژ

هاوین + ە + هەوار = هاوینەهەوار

هەردوو وشەی لێکدراوی (شەونوێژ) و (هاوینەهەوار) لە ڕووی واتاوە بەم شێوەیە شیدەکرێنەوە؛ وشەی (شەونوێژ)، کە لە لێکدانی بەشەڕۆنانی یەکەم (شەو)، کە ناوە و دیارخەرە، (کاتی شەو دەنوێنێت) و بەشەڕۆنانی دووەمیش (نوێژ) کە ناوە و سەرەیە. ناوی لێکدراوی (شەونوێژ) دروستدەبێت. شەونوێژ بە واتای؛ نوێژێک، کە لە کاتی شەودا ئەنجامدەدرێت یان "نوێژێکە کە لە بەشی دوایی شەوا بکرێ لە دوای نووستن و هەستانەوە"(خاڵ ب٢: ٣٤٧). وشەی لێکدراوی (هاوینەهەوار)، کە لە لێکدانی دوو بەشەڕۆنان بە یارمەتیی ئامرازی (ە) دروست دەبێت. بەشەڕۆنانی یەکەم (هاوین)، کە ناوی وەرزێکی ساڵە و بەشەڕۆنانی دووەم (هەوار) بریتییە لەو خانووە یان کەپر و ڕەشماڵەی لە شوێنی نیشتەجێبوونی کاتی هەیە. ناوی لێکدراوی بەرهەمهاتوو (هاوینەهەوار)، بریتییە لە؛ ناوی ئەو شوێنەی خەڵکی شار و گوندەکان لە کاتی وەرزی هاویندا لێی دەژین یان گەشتیاران ڕووی تێدەکەن.

**٢ـ ١ـ ١٣ـ  سەرە لە بواری دیارخەردا کار دەکات.** ئەم چەمکە کاتێک پەیدادەبێت، کە دیارخەر بوارێک بێت و سەرە کاری تێدا بکات یان وەک ئەکتەر ڕۆڵی تێدا ببینێت. ئەمەش بە پەیوەندیی (ئەکتەر ـ بوار) دەردەکەوێت. وەک لە وشەکانی (وەزیری داد)، (وەزیری جەنگ)، مەلای مزگەوت، دکتۆری ددان ...هتد.

وەزیر+ ی+ داد= وەزیری داد

لە ڕووی واتاوە، بەشەڕۆنانی یەکەم (وەزیر)، کە ناوە و سەرەیە، لەگەڵ بەشەڕۆنانی دووەم (داد)، کە ناوە و دیارخەرە بە هۆی (ی) ی دیارخەرەوە لێکدراون و وشەی (وەزیری داد)یان دروستکردوە. وەزیری داد بە واتای؛ وەزیرێک، کە لە بواری دادا کاردەکات و دادگەری لە وڵاتدا جێبەجێدەکات، دێت.

هەمان سکێما بە پەیوەندیی(بوار ـ ئەکتەر) ئاماژەی پێ دەکرێت. بۆ نموونە وشەکانی؛ ژینگەدۆست، ئاژەڵ دۆست، ...هتد. لە ڕووی فۆڕمەوە لە دوو بنکە پێکهاتوە.

ژینگە + دۆست  = ژینگەدۆست

لەم نموونەیەدا وشە لێکدراوەکە، لە بنکەی یەکەم (ژینگە) بە واتای سروشتی دەوروبەر و بنکەی دووەم (دۆست) بە واتای هۆگر، پێکهاتوە. لێکدانی هەردوو بنکەکە، کە سەرە و دیارخەری ناوین، ناوی لێکدراوی (ژینگەدۆست) دروستدەکەن. بە واتای؛ کەسێک، کە دۆستی ژینگەبێت یان لە بواری ژینگەپارێزیدا کار بکات.

**٢ـ ١ـ ١٤ـ سەرە بە قەبارە یان خەسڵەت لەدیارخەر دەچێت.**  چەمکی بەراوردکردن کاتێک دێتەدی، کە سەرە شتێکە و دیارخەر تایبەتمەندیی شتەکە لە ڕووی شێوە، ڕەنگ یان قەبارە ڕووندەکاتەوە. ئەمە بە پەیوەندیی (شێوە ـ شت) دیاریدەکرێت. وەک لە وشەی (ئەسپەژن)دا. لە ڕووی فۆڕمەوە سکێماکە لەم قالبەدا جێگیردەبێت.

ئەسپ + ە + ژن = ئەسپەژن

لە ڕووی واتاوە، وشەی (ئەسپ) کە ناوە و دیارخەرە، بنکەی یەکەمە و وشەی (ژن)، کە ناوە و سەرەیە بنکەی دووەم، بە لێکدانیان بەهۆی ئامرازی (ە)ەوە، ناوی لێکدراوی (ئەسپەژن) دروستدەبێت. ئەسپەژن بە واتای؛ ژنێک، لە شێوەی ئەسپ، دێت نەک ئەسپێک، لە شێوەی ژن.

**٢ـ ١ـ ١٥ـ دیارخەر شێوەی سەرەی هەیە.** چەمکی بەراوردکردن لێرەدا، لە ڕووی پەیوەندیەوە لەگەڵ سکێمای (**٢ـ ١ـ ١٤ـ...**)دا پێچەوانە دەبێتەوە و دەبێتە پەیوەندیی (شت ـ شێوە). وەک وشەکانی؛ بەردەهەرس، گوڵەشێر، ...هتد. لە ڕووی فۆرمەوە، ئاراستەی پەیوەندیەکە، لەم قالبەدا جێگای دەبێتەوە.

بەرد + ە + هەرس = بەردەهەرس

لە ڕووی واتاوە، وشەی (بەرد) کە ناوە و سەرەیە، بنکەی یەکەمە و وشەی (هەرس) بە واتای (ورچ) کە ناوە و دیارخەرە، بنکەی دووەمە، بە لێکدانیان بەهۆی ئامرازی (ە)ەوە، ناوی لێکدراوی (بەردەهەرس) دروستدەبێت. بەردەهەرس بە واتای؛ بەردێک، لە شێوە و قەبارەی ورچ، نەک ورچێک لە شێوە و قەبارەی بەرد.

**٢ـ ١ـ ١٦ـ سەرە، دیارخەر دروست دەکات.** ئەم چەمکە کاتێک پەیدادەبێت، کە دیارخەر بەرهەمێکە و سەرەش هۆکاری دروستبوونیەتی. وەک کرمی ئاوریشم، کە پەیوەندیەکەی (هۆکار ـ بەرهەم)ە. لە ڕووی فۆرمەوە بەم شێوەیە دەنوێنرێت.

کرم+ ی + ئاوریشم = کرمی ئاوریشم

لە ڕووی واتاوە، بەشەڕۆنانی یەکەم (کرم) کە ناوە و سەرەیە، هەموو جۆرە کرمێک دەگرێتەوە بەهۆی ئامرازی (ی) لەگەڵ بەشەڕۆنانی دووەم (ئاوریشم) کە ناوە و دیارخەرە، لێکدەدرێت و ناوی لێکدراوی (کرمی ئاوریشم) دروستدەبێت. کرمی ئاوریشم بە واتای؛ (کرمێک، کە ئاوریشم بەرهەم دەهێنێت). نموونەی تریش بۆ مرۆڤ، (وەستای دیوار)ە.

**٢. ١. ١٧. سەرە بە هۆی دیارخەر دروست دەبێت.** ئەم چەمکە کاتێک دروست دەبێت، کە سەرە ناوێکە و بەهۆی دیارخەرەوە دروست دەبێت. بە پەیوەندیی (ئەنجام ـ هۆکار) ناودەبرێت. نموونە وشەی (کونەبزمار)، کە لە ڕووی فۆرمەوە لەم قالبەدا دروستدەبێت.

کون + ە + بزمار = کونەبزمار

لە ڕووی واتاییەوە، بەشەڕۆنانی یەکەم (کون) کە ناوە و سەرەیە، بەهۆی جومگەی (ە) لەگەڵ بەشەڕۆنانی دووەم (بزمار)، کە ناوە و دیارخەرە، لێکدەدرێت و ناوی لێکدراوی (کونەبزمار) دروست دەبێت. کونەبزمار بە واتای کونێک، کە پاشماوەی کوتانی بزمارێکە.

**٢. ١. ١٨. سەرە هۆکاری نەمانی دیارخەرە.** ئەم چەمکە کاتێک دروست دەبێت، کە سەرە ناوێکە و هۆکاری نەهێشتن و نەمان و لابردنی دیارخەرە، کە ئەویش ناوێکی مەبەستە. وەک لە وشەی (کانییەبا)دا، کە پەیوەندییە واتاییەکەی بە (هۆکار- مەبەستی لادراو) دیاریدەکرێت. لە ڕووی فۆرمەوە بەم شێوەیەیە.

کانی +(ی)ە+ با= کانییەبا

لە ڕووی واتاوە, ناوی لێکدراوی (کانییەبا)، کە بەهۆی ئامرازی (ە) و گۆڕانێکی فۆنۆلۆجی، لە (کانی) واتە، سەروچاوەی ئاو و (با) بە واتای هەوا بەڵام لێرەدا بە واتای (نەخۆشی باداری) دێت. لە زەینی خەڵکدا بە تێپەڕبوونی کات وا چەسپاوە، کە ئاوی کانیەکە چارەسەرە بۆ نەخۆشیی باداری (ڕۆماتیزم). ڕەنگە چارەسەریەکە بەهۆی هەبوونی ماددەی کانزایی تایبەت بێت تیایدا. کەواتە وشەی (کانییەبا) ناوێکی لێکدراوە بۆ جۆرە کانیاوێک, بە واتای کانیەک، کە خۆشوشتن بە ئاوەکەی هۆکارە بۆ چاکبوونەوە لە باداری یان بۆ مەبەستی چارەسەرکردن و لابردنی باداری ئاوی ئەم کانیە بەکاردەهێنرێت.

**٢. ١. ١٩. دیارخەر هۆکاری دروستبوونی سەرەیە.** ئەم چەمکە هۆکاریە کاتێک دروست دەبێت، کە دیارخەر هۆکاری دروستبوونی سەرە بێت. ئەم پەیوەندیە واتاییە بە پەیوەندیی (هۆکار ـ ئەنجام) دەناسرێت. بۆ نموونە وشەی (پێشوین)، کە قالبەکەی لەم فۆڕمەدایە.

پێ + شوێن = پێشوین

لە ڕووی واتاوە، وشەی لێکدراوی (پێشوین)، کە بە لێکدانی دوو بەشەڕۆنانی (پێ)ی دیارخەر و (شوین) ی سەرە دروست دەبێت. مەبەست لە وشەی (پێشوین)[iv]، ئەو شوینەیە یان هێمایەیە، کە شوێنەواری پێی مرۆڤێک، ئاژەڵێک یان هەر زیندەوەرێکی ترە. شوێنەکە یان هێماکە وێنەی پێیەکی لێ دەرچووە. کەواتە پێشوین بە واتای شوێنێک، کە بە هۆکاری پێیەک دروستبووە.

**٢. ١. ٢٠. سەرە هۆکاری دروستبوونی دیارخەرە.** چەمکی هۆکاری دروستبوونی شتێک یان دیاردەیەک کاتێک دروست دەبێت، کە سەرە ناوێکە و هۆکاری دروستبوونی دیارخەرەکەیەتی، کە ناوی شتێکە یان دیاردەیەکە. کە ڕیزبوونە واتاییەکەی بە پەیوەندیی (هۆکار ـ ئەنجام) دیاریدەکرێت. وەک لە (ڤایرۆسی ئایدز) بەدیاردەکەوێت و قالبەکەشی لەم فۆڕمەدا بەدیدەکرێت.

ڤایرۆس+ ی + ئایدز = ڤایرۆسی ئایدز

وشەی لێکدراوی ڤایرۆسی ئایدز، لە هەردوو قەردەوشەی (ڤایرۆس) و (ئایدز) دروستبووە، کە بەهۆی (ی)ی دیارخەر لێکدراون. ناوی لێکدراوی (ڤایرۆسی ئایدز) بە واتا؛ ڤایرۆسێک، کە هۆکارە بۆ توشبوونی مرۆڤ بە نەخۆشی ئایدز. وشەی تریش وەک (بارانپەڵە)، (بای دارپشکێو).

**٢. ١. ٢١. دیارخەر پێوەری سەرەیە.** ئەم چەمکە کاتێک دروستدەبێت، کە دیارخەر ناوێکە و پێوەری سەرەیە، سەرەکەش ناوی شتێکە، کە بە پێوەری دیارخەرەکە دەپێورێت. ڕیزبەندیە واتاییەکەی بە پەیوەندیی (پێوەر ـ پێوراو) ڕێکدەخرێت. وەک وشەکانی (تەنەکەڕۆن، تەنەکەگەنم، فنجانە قاوە، فەردەبرنج، ...هتد. لە ڕووی فۆڕمەوە لەم قالبەدایە.

تەنەکە+ ڕۆن= تەنەکەڕۆن

ناوی لێکدراوی (تەنەکەڕۆن) لە ڕستەی داخوازیی (تەنەکەڕۆنێکم بۆ بێنە)دا، کە لە سەرە و دیارخەرێکی ناوی پێکهاتوە، بە واتای؛ ڕۆنم بۆ بێنە بە بڕی یەک تەنەکە، نەک مەبەست هێنانی تەنەکە بێت. نموونەیەکی تر لە ڕووی فۆرمەوە لەم قالبەدا دەردەکەوێت:

کەویژ + ە + گەنم = کەویژەگەنم

لە ڕووی واتاوە بەم شێوەیە لێکدەدرێتەوە؛ وشەکە بەهۆی ناوبەندی (ە) و لێکدانی هەردوو بنکەی وشەکە دروستدەبێت. بنکەی یەکەم (کەویژ)[٧] کە پێوەرێک بوو لە کۆمەڵگای کوردەواری، بۆ پێوانی دانەوێڵە و بەرانبەر بە شازدە تەنەکە دانراوە. (ژمارەی تەنەکەکان لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر و لە کاتێکەوە بۆ کاتێکی تر دەگۆڕێن)، لەگەڵ بنکەی دووەم (گەنم) کە جۆرێکە لە دانەوێڵە و ناوی لێکدراوی (کەویژەگەنم) دروستدەبێت. کەویژەگەنم بە واتای؛ ئەو گەنمەی، کە بڕەکەی یەک کەویژەیە، دێت.

**٢. ١. ٢٢. سەرە بۆ ئامانجی دیارخەر بەکاردێت.** ئامانج و چەمکی بۆ بەکارهاتن ئەو کاتە دروستدەبێت، کە دیارخەر ناوی شتێکە و  بە ئامانج بۆ شتێکی تر بەکاردێت، کە سەرەیە. ئەمەش پەیوەندیی (شت ـ ئامانج) دروست دەکات. وەک لەم نموونانە؛ بزنەمەرەز، دارجگەرە، داردۆخین، دارەمەیت، مریشکەکورک...هتد. ئەم چەمکە لەم قالبانەدا دروستدەبێت.

دار + جگەرە = دارجگەرە

بزن+ ە + مەرەز = بزنەمەرەز

لە ڕووی واتاوە، لە نموونەی یەکەمدا بەشەڕۆنانی یەکەم، وشەی (دار)، کە (ناوێکی گشتیە بۆ هەموو دارێک) لەگەڵ وشەی (جگەرە) لە بەشەڕۆنانی دووەمدا، لێکدەدرێن و ناوی لێکدراوی (دارجگەرە) دروستدەبێت بە واتای؛ شوولە دارێکی کونکراو، مەبەستی جگەرە پێکێشان. لە نموونەی دووەمیشدا بەشەڕۆنانی یەکەم، وشەی (بزن)، کە ناوە بۆ زۆر جۆری بزن لەگەڵ بەشەڕۆنانی دووەمی، کە وشەی (مەرەز)ـە بەهۆی ناوبەندی (ە) لێکدەدرێن و ناوی لێکدراوی

(بزنەمەرەز) دروستدەبێت بە واتای؛ بزنێک، کە بۆ مەبەستی دەستکەوتنی تووکە مەرەزەکەی بەخێودەکرێت.

**٢. ١. ٢٣. دیارخەر لە سەرە دروستدەکرێت.** ئەم چەمکەی لێ دروستبوونە کاتێک دێتەئارا، کە دیارخەر شتێکە و لە سەرە کە ماددەیەکە دروستدەکرێت. بە پێوەندیی (بەرهەم ـ ماددە) دەناسرێت. وەک وشەکانی؛ کەلامز، شەربەت هەنار، هاردەنۆک، کەلاشووشە...هتد. لەم قالبانەدا جێگیردەبێت؛

کەلا + مز = کەلامز

هارد+ ە + نۆک = هاردەنۆک

لێکدانەوەی واتای وشە لێکدراوەکانی ئەم نموونانە بەم شێوەیە دەبێت؛ لە وشەی یەکەمدا، بەشەڕۆنانی یەکەم وشەی (کەلا) کە ئامرازێکی یاری پێکردنە، لەگەڵ بەشەڕۆنانی دووەم (مز) کە وشەیەکە هاوواتای ماددەی (مس) لێکدەدرێن و ناوی لێکدراوی (کەلامز) دروست دەبێت بە واتای؛ کەلایەک، کە لە ماددەی مس دروستکرابێت. بە هەمان شێوە، بەهۆی ناوبەندی (ە)ـەوە، بەشەڕۆنانی یەکەم وشەی (هارد)، کە بە واتای؛ هەر شتێکی هاڕاو بێت، دێت، لەگەڵ بەشەڕۆنانی دووەم وشەی (نۆک) کە ماددەیەکی خۆراکیە لێکدەدرێن و ناوی لێکدراوی (هاردەنۆک) دروستدەبێت بە واتای؛ هاردێک، کە لە نۆک بەرهەمهاتبێت، دێت.

**٢. ١. ٢٤. سەرە دیارخەر لەخۆدەگرێت.** ئەم چەمکەی کاتێک پەیدادەبێت، کە سەرە و دیارخەر ناون و سەرە جۆرێکە لە دیارخەر. پەیوەندیی (شت ـ جۆر) دروستدەبێت. وەک لەم قالبەدا دەردەکەوێت.

گوڵ+ ە + شلێر = گوڵەشلێر

لە ڕووی واتاوە، وشەی (گوڵ) وەک بەشەڕۆنانی یەکەم لەگەڵ وشەی (شلێر)، کە مەبەست؛ (ڕووەکی شلێرە یان خودی گوڵکە)یە لێکدەدرێن و ناوی لێکدراوی (گوڵەشلێر) بە واتای؛ گوڵێک، لە جۆری شلێر دێت. کەواتە: شلێر جۆرێکە لە گوڵ.

**٢. ١. ٢٥. سەرە لانەی دیارخەرە.** هاتنە ئارای ئەم چەمکە ئەو کاتەیە، کە دیارخەر ناوی شوێنی حەوانەوەیە بۆ سەرە، کە ناوی گیانلەبارێکە. پەیوەندیی (لانە ـ گیانلەبەر) لەم چەمکەدا هەیە. وەک وشەکانی؛ کونەکۆتر، کونەمار، کولانەسەگ، شارەمێروو، ...هتد. ئەمەش لەم قالبەدا دەردەکەوێت.

شار+ ە + مێروو = شارەمێروو

بەشەڕۆنانی یەکەم لەم وشە لێکدراوەدا وشەی (شار)ـە بە واتای (ئاواییەک، کە ژمارەی دانیشتوانی زۆرزۆر بێت)، بەهۆی نابەندی (ە) لەگەڵ بەشەڕۆنانی دووەمی وشەکە، وشەی (مێروو)، کە مەبەست هەموو ئەو زیندەوەرانەیە کە بە مێروو ناو دەبرێن، لێکدەدرێن و ناوی لێکدراوی (شارەمێروو): "شارە مرۆچە" (هەنبانەبۆرینە:١٩٩٠) دروستدەبێت بە واتای؛ شارێک یان شوێنێک، کە مێرووی تێدا ژیان بەسەر دەبەن.

**٢. ١. ٢٦. سەرە بواری کارکردنی دیارخەرە.** چەمکی بواری کارکردن کاتێک دروستدەبێت، سەرە ناوی بوارێکی کارکردنە و دیارخەریش کەسێکە یان کەسانێکن لەو بوارە کاردەکات/ەن. پەیوەندیەکەش بە (کەس ـ بوار) ناودەنرێت. وەک وشەکانی؛ میراو، شابەندەر،...هتد. لە ڕووی فۆڕمەوە، لەم قالبەدا دەردەکەوێت.

میر + ئاو = میراو

ئەم وشە لێکدراوانەش لە ڕووی واتاوە، بەم شێوەیە لێکدەدرێنەوە؛ وشەی لێکدراوی (میراو)، لە دوو بەشەڕۆنانی ناوی پێکهاتوە. بنکەی یەکەم (میر) بە واتای میر، سەرپەرشتیار، کەسی یەکەم لەگەڵ بنکەی دووەم (ئاو) کە مەبەست لە بواری (ئاودێری و ئاوبەکارهێنان و ئاوی خواردنەوە)یە یەکدەگرن و ناوی لێکدراوی (میراو)دروستدەبێت بە واتای؛ کەسێک، کە میری ئاوبەردانەوە و گرتنەوەیە.

**٢. ١. ٢٧. سەرە شێوەی دیارخەری هەیە.** چەمکی لێکچوون کاتێک دروستدەبێت، کە سەرە ناوێکە و لە دیارخەر دەچێت، کە ناوێکی ترە. پەیوەندیەکە بە (لەوچوو ـ لێچوو) دیاری دەکرێت، وەک لە وشەی (مارماسی)دا. هاوکات پەیوەندیی (لێچوو ـ لەوچوو) لەم چەمکەدا هەیە، وەک وشەی (سەگورگ). لە ڕووی فۆڕمەوە بەم شێوەیەیە.

مار + ماسی = مارماسی

سە + گورگ= سەگورگ

لە ڕووی واتاوە، ناوی لێکدراوی (مارماسی)، کە لە بەشەڕۆنانی (ماسی) سەرە و بەشەڕۆنانی (مار) دیارخەر پێکهاتوە. مارماسی بە واتای؛ جۆرێک لە ماسی، کە لە مار دەچێت، دێت نەک مارێک، لە ماسی بچێت. هەروەها ناوی لێکدراوی (سەگورگ)، کە لە بەشەڕۆنانی (سە) بە واتای (سەگ) سەرەیە و بەشەڕۆنانی (گورگ)یش دیارخەرە، پێکهاتوە. سەگورگ بە واتای؛ جۆرێک لە سەگ، کە لە گورگ دەچێت، دێت نەک گورگێک لە سەگ بچێت.

## ٢.٢- پۆلبەندیی ڕۆنانی پەراوێزەکانی ناوی لێکدراو

لەگەڵ ئەوەشدا، لە پەراوێزی ئەم زانیاریانەدا، بە نموونەوە چەند پەیوەندیەکی سەرە و دیارخەر لە وشە لێکدراوە چەقدەرەکیەکانی کوردیی ناوەڕاست دەخەینەڕوو. وەک لە پێشوودا باسکرا، کە ناوی لێکدراو  لەم جۆرە وشانەدا، لە دوو بەشەڕۆنان پێکهاتوون؛ دیارخەر ناوە، کارە یان هاوەڵناو و سەرەش ناوە.

وشە لێکدراوە چەقدەرەکیەکانیش، کە مەحویی بە سەردەرەکی ناوی دەنێت، چونکە "سەرە واتاییەکەی ئاشکرا لە وشەکەدا ئامادە نییە" (محەمەدی مەحویی ٢٠١٦، ٢١٩).  و کەرەمیش بە دەرەکی تەوەرە ناویان دەبات, کە دەڵێت: "مەرجع و لێڤەگەڕی وشەی بەرهەمهاتوو لە دەرەوە، بەپێی وارگەی وشەکە دەستنیشان دەبێت. ..... بەم چەشنە لێکدراوە دەڵێن: لێکدراوی دەرەکی تەوەرە " (سەعید کەرەمی ٢٠١٧، ١٨٦). کەواتە چەقدەرەکیەکان ئەو وشە لێکدراوانەن، کە لە ڕێگای بەشەڕۆنانەکانی وشەکە ناگەین بە واتاکەی، بەڵکو واتاکەی لێڵە و پێویستمان بە زانیاریە، لەسەر ژینگە و کەلتوور و سەردەمی بەکارهێنانی وشەکە. وەک لە پرۆسەی [ن [ن لەپ] [ناوبەند ە] [ن گورگ]]دا وشەی (لەپەگورگ) دروستبووە، کە وشەیەکی لێکدراوی چەقدەرەکیە و واتاکەی لە واتای ئاماژەبۆکراوی بەشەڕۆنانەکانی خۆی وەرنەگیراوە، بەڵکو لە دەرەوەی وشەکەدا پەیوەستە بەو کەلتوور و ژینگەیەی وشەکەی لێ بەرهەمهاتوە. (لەپەگورگ)، نە (لەپ)ی دەستە،

نە (گورگ)یشە، بەڵکو (ڕووەکێکە، گەڵاکانی لە لەپی گورگ دەچن). لە پرۆسەی [ن [ن کڵاو] [هـ .ن سوور] [ە]]دا وشەی (کڵاوسوورە)؛ ناوی جۆرە باڵندەیەکە . نموونەی تر لەم بابەتە زۆرن وەک؛ (شێردڵ) و بۆ مرۆڤ و (پیقجیلە) بۆ ڕووەک و (تێلیعەیشان) بۆ باربەر (ئاگرخۆرە) بۆ پەلەوەر و (سەرهەڵقەنە) بۆ دڕندەی کێوی و ئەفسانەیی.

پەیوەست بە سروشتی بەشەڕۆنانی ئەو وشە لێکدراوانە، ئەمەش پەیوەندیەکانن:

**٢.٢.١- سەرە کردەی دیارخەر ئەنجامدەدات.** ئەم چەمکە کاتێک دروستدەبێت، کە دیارخەر ناوی شتێکە و سەرەش کارە. ناوەکە کارەکە ئەنجامدەدات یان کارێک لە ڕێگای ناوەکە ئەنجامدەدرێت. ئەم پەیوەندیە بە (شت ـ کردە) نیشاندەدرێت. وەک وشەکانی؛ گۆشتفرۆش، دارتاش...هتد. کە لە ڕووی فۆڕمەوە دەچێتە ناو ئەم قالبە.

گۆشت + فرۆش = گۆشتفرۆش

لە ڕووی واتاوە، بنکەی دووەم (فرۆش)، کە ڕەگی کاری فرۆشتنە، لەگەڵ بنکەی یەکەم (گۆشت) لێکدەدرێن و ناوی لێکدراوی (گۆشتفرۆش) دروست دەبێت. گۆشتفرۆش، نە بە واتای گۆشت دێت، نە بە واتای پرۆسەی فرۆشتن بەڵکو بە واتای؛ کەسێک، کە گۆشت دەفرۆشێت. ناوی پیشەکارە. یان ناوی لێکدراوی (سەرتاش)، نە (سەر)ە و نە (تاشین) بەڵکو ناوی پیشەکارە.

**٢.٢.٢- سەرە تایبەتمەندیی دیارخەری هەیە.** چەمکی خاوەن تایبەتمەندی کاتێک دروستدەبێت، کە دیارخەر هاوەڵناوێک بێت تایبەتمەندیی شتێک نیشانبدات هاوکات سەرەش ناوی شتەکە بێت. ئەمەش بە پەیوەندیی (تایبەتمەندی ـ شت) دەناسرێت . بۆ نموونە وشەکانی؛ قانگەلاچک، شەڕەتۆپ، ...هتد لە ڕووی فۆڕمەوە، لە قالبەکانی خوارەوەدا دەردەکەوێت.

قانگ + ە + لاچک = قانگەلاچک

بەشەڕۆنانی یەکەم لە وشەی لێکدراوی دووەمدا، وشەی (قانگ) بە واتای (کف، ناوکلۆر، ناوبەتاڵ) دێت. بەشەڕۆنانی دووەمی وشەکەش، وشەی (لاچک) بە واتای (لایەکی شتێک وەک؛

لاچکی بەردەقانی)، یان لە هەنبانەبۆرینەدا هاتوە: "بەژنی گیا، لاسک"(هەنبانەبۆرینە، ٧٤٩). هەردوو بەشەڕۆنانەکە بەهۆی ناوبەندی (ە) لێکدەدرێن و ناوی لێکدراوی (قانگەلاچک) دروستدەبێت. قانگەلاچک بە واتای: "قانگەلاش، قانگەلاشک: بنە کەنگری وشکی بابردوو""(هەنبانەبۆرینە، ٥٤٨). مەبەست لە (قانگەلاچک)[vi]، شتێکی سووک و بێبەها و بێسوودە. لە هەمان چەمکدا، پەیوەندیەکی پێچەوانەدا، پەیوەندیی (شت ـ تایبەتمەندی) هەیە. وەک ناوەکانی (گوێ ڕەپە، مێرگەسۆر، ...هتد.)، لەم فۆڕمەدان:

گوێ+ (ڕەپ+ە)= گوێ ڕەپە

لە ڕووی واتاوە، وشەی لێکدراوی (گوێ ڕەپە)، نە بە واتای (گوێ) دێت، نە بە واتای (ڕەپبوون) یان ئەستووربوون، بەڵکو (گوێ ڕەپە)، ناوی جۆرێک لە نەخۆشیی منداڵانە.

لە کۆتایی پڕوسەی ناوسازیدا، وەک لە پێشوودا باسکرا، وشەی لێکدراوی چەقناوەکی و چەقدەرەکی دروستدەبن. وشە لێکدراوە چەقدەرەکیەکان، کە واتاکانیان لە دەرەوەی بەشەڕۆنانەکانیاندایە، هەر وەک ناوە لێکدراوە چەقناوەکیەکان، بۆ ناوی مرۆڤ و ئاژەڵ و پەلەوەر و ڕووەک بەکاردەهێنرێن. (بەلەکار) ناوی جۆرە بزنێکە و (کڵاوسوورە) بۆ ناوی جۆرە چۆلەکەیەک بەکاردێت. (کاڕەش)، ناوی هۆزێکی کوردە و (ڕەشبەڵەک)، هەڵپەڕکێی تێکەڵی ژن و پیاوە. (پێقجیلە)ش ناوی جۆرە ڕووەکێکە، مرۆڤ بە برژاوی دەیخوات.

بەم شێوەیە چەندان ناوی لێکدراوی چەقدەرەکیمان هەیە لە زمانی کوردیدا، وەک وشەکانی؛ ئاشقوماشق، خدرولاس، دانوماش، سەرکەگا، ...هتد. ئەمەو چەندان فۆڕمی تری هاوشێوەی چەقدەرەکی، کە دەبن بە ئیدیۆم و میتافۆر و میتۆنیمی، ئەم بابەتانە بواری ترن، کە لەم توێژینەوەیەدا کاریان لەسەر نەکراوە.

## ئەنجامی توێژینەوەکە

گەرچی دەرئەنجامی تەواوی پەیوەندیە دیاریکراوەکانی (١.٢. پۆلبەندیی ڕۆنانی پێشنموونەکانی ناوی لێکدراو) و (٢.٢. پۆلبەندیی ڕۆنانی پەراوێزەکانی ناوی لێکدراو) دەبن بە ئەنجامی توێژینەوەکە، بەڵام ئەمەی خوارەوە پوختەی ئەنجامەکانە:

١ـ لە ڕووی پەیوەندیی فۆرمی و واتاییەوە، چەندان پەیوەندیی پێشنموونەیی لە بەشەڕۆنانەکانی سەرە و دیارخەری ئەو ناوە لێکدراوانەی، کە بە چەقناوەکی ناسراون، دیاریدەکرێن. تەواوی ئەو وشانە سەرە و دیارخەریان ناوە.

٢ـ پەیوەندیە واتاییەکان لە هەندێک سکیمای پێشنموونەکاندا، بە هۆکاری جێگۆڕکێی سەرە و دیارخەر، زیاتر لە یەک پەیوەندی دروستدەکەن.

٣ـ ئەو ناوە لێکدراوانەی چەقدەرەکین، بە پەراوێز لەقەڵەمدەدرێن و سکیماکانیان دیاریکراوە، کە ناوە لێکدراوەکان لە سەرەیەکی ناوی و دیارخەرێکی هاوەڵناوی یان کاری پێکدێن.

٤ـ دەتوانرێت بگوترێت، کە تیۆری پۆلبەندی بۆ شیکردنەوەی ناوی لێکدراو لە کوردیی ناوەڕاستدا شیاوە و سکێمای پێشنموونە و پەراوێزەکان دیار و بەرچاون.

## پەراوێزەکان

---

[i] هەرچەندە ڕێبوار ئەحمەد لە چوارچێوەی زمانەوانیی زانینی و لە بواری سیمانتیکی زانینیدا کاریکردوە، بەڵام لەوێدا زاراوەی پۆلینکردنی بەکارهێناوە. بۆ جیاکردنەوەی بنەما و گرفت و چەمکە لەیەکچووەکانی ئەم پرۆسەیە. بڕوانە (ڕێبوار ئەحمەد نەبی، ٢٠١٥، ٦٣–٧٤).

[ii] ئەم زاراوەیە لە بەرانبەر (Prototype)ی زمانی ئینگلیزی بەکارهاتووە. لە زمانی کوردیدا زاراوەی جۆاوجۆری بۆ بەکارهاتووە وەک؛ نموونەی ئاوەزی، نموونەی بنەڕەتی، چەشنی نموونەیی، پرۆتۆتایپ و شاوەچە. (ڕێبوار ئەحمەد نەبی ٢٠١٥، ٧٠) زاراوەی (پێشنموونە) کە لەم توێژینەوەیەدا بەکارهاتووە، لەسەر پێوانەی (پێشبار)ە. واتە یەکەمین و دیارترین نموونە.

[iii] جۆرەکانی وشەی لێکدراو لە ڕووی ڕۆنانەوە لە لایەن؛ بلۆم فیلد، ئۆلسن، بیستۆ و سکالیس، تەباتەبایی، محەمەد مەعروف فەتاح، محەمەدی مەحویی و ڕەفیق شوانی. لە نامەی ماستەری سامی حوسێن بە ڕوونی هێلکاری کراون و بۆ زانیاریی زیاتر لەسەر پێناسە و پۆلینکردنی جۆراوجۆر و هەڵسەنگاندن بۆ وشەی لێکدراو. بڕوانە (سامی حوسێن قادر، ٢٠١٧، ٣٥–٥٢).

[iv] لە ئەدەبی زارەکیی کوردیدا دەگێڕنەوە، کە جارێکیان یەکێک بە سواری کەر، دەچێتە ناو باغێک  تا هەندێک هەنار و سێو لێبکاتەوە. لەو کاتەدا باغەکە ئاوی لەسەربووە، واتە تەڕ بووە و باغەوانەکەش لەوێ نەبووە. کە خاوەنی باغەکە دەگەڕێتەوە دەبینێت، بەری دارهەنار و دارسێوەکانی ڕنراوە و بردراوە. تەماشای زەویی باغەکەی دەکات، تەنیا شوێنی پێی کەر دەبینێت و شوێنی پێڵاوی مرۆڤ دیار نییە لەناو باغەکە. هەست دەکات کە کێ ئەم کارەی ئەنجام داوە. بۆیە دەڵێت: "پێشوینینە کەرینە، بەلام عەمەلینە ئەسمەرێنە". ئێستا ئەم دەربڕینە بۆ حاڵەتێک بەکاردێت، کە کەسێکی زۆرزان و فێڵباز کارێک بە کەسێکی نەزان و گەمژە ئەنجامبدات.

[v] دیارە ئەم سەردەمە پێوەری دانەوێڵە و زۆربەی شتی لەم جۆرە، زیاتر گرام و کیلۆیە نەک تەبەق و ڕبە و کەویژ، کە سەردەمێک ئەمانە تەنیا پێوەربوون.

[6] کۆمەڵگای کوردەواری پڕیەتی لە سەرگوزشتە و پەند و قولەنەزیلە و ئامۆژگاری. جێگای خۆیەتی لێرە ئاماژە بە پێشبینیەکی مرۆڤی کورد بکەین، کە بە زمانێکی کوردانە داڕێژراوە و توێژەر چەندان جار، لە تەمەن و ڕەگەزی جودا، ئەم پێشبینیەی بیستوە "سەردەمێک دادێت، لە ئەنجامی شەڕ و کوشتار، ژمارەی پیاوان لەسەر زەوی کەم دەبێت بە جۆرێک، ژنان پیاویان دەستناکەوێت کە شووی پێ بکەن. بەدوای قانگەلاچکدا ڕادەکەن و دەڵێن: ئەوە پیاوە با بیگرین". توێژەر: لێمان دەپرسین، قانگەلاچک چییە؟ دەیانگوت: "قانگەلاچک، بەو قەدە کەنگرە وشکبوە دەگوترێت، کە بای پایزان ئەوسەر و ئەوسەری پێ دەکات".  (بەپێی ئەم پێشبینیە بێت؛ چۆن لە بیاباندا سەراب بۆ تینوو دەبێت بە ئاو، ئاواش قانگەلاچک دەبێت بە پیاو).

## سەرچاوەکان


- ڕێبوار ئەحمەد نەبی (٢٠١٥). *پەیپێبردنی شاوەچە لە سێمانتیکی دركپێكردن لە زمانی كوردیدا*. سۆران: (نامەی ماستەر زانکۆی سۆران چاپنەکراوە).

- سامی حوسێن قادر(٢٠١٧).  *بەبەرهەمی پرۆسەی لێکدان لە زمانی کوردیدا* .(نامەی ماستەر لە فاکەڵتی ئادابی زانکۆی سۆران، چاپ نەکراوە).

- سەعید کەرەمی (٢٠١٧). *وشەناسیی زمانی کوردی*. سنە: زانستگای کوردستان.

- عەبدلڕەحمانی شەرەفکەندی (هەژار) ( ١٩٨٩- ١٩٩٠). *هەنبانەبۆرینە* چپ/٢. تەهران: انتشارات سروش.

- عەبدولوەهاب شێخانی(٢٠٠٩). *فەرهەنگی شێخانی*. هەولێر: دەزگای موکریانی.

- فاروق عومەر سدیق (٢٠١٧)، یەکخستنەوەی: شیروان خۆشناو. *زمانناسیی کوردی*، هەولێر. نارین.

- محەمەدی مەحویی (**٢٠١٦). *مەنامە***. سلێمانی: چاپخانەی ئەندێشە.

- محەمەدی مەحویی (٢٠٢١). مۆرفۆلۆژیی و بەکەکداچوونێ پێکهاتێکان مۆرفۆلۆژیی کوردی *بەرگی یەکەم و دووەم چپ یەکەم*. سلیمانی: چاپخانەی کارۆ.
- محمد خاڵ ( ١٩٦٠، ١٩٦٤، ١٩٧٦). فەرهەنگی خاڵ ب ١،ب٢، ب٣. سلێمانی: چاپخانەی کامەران.
- نازەنین جەلال ئەحمەد (٢٠٠٤). *وشەی لێکدراو لە دیالێکتی کرمانجی خوارووی زمانی کوردیدا (لە رووی ڕوخسار و ناوەرۆکەوە)*. بەغدا: کۆلیجی پەروەردە - ئیبن ڕوشد - زانکۆی بەغدا. (نامەی دکتۆرا).

- Evans and Green, Vivyan / Melanie. *COGNITIVE LINGUISTICS AN INTRODUCTION*. Edinburgh: Edinburgh University Press L.td, 2006.
- FATAH, AZAD HASAN (2012). *A COGNITIVE GRAMMAR ANATYSIS OF SUFFIXES IN ENGLISH AND KURDISH*. Sulaimani: (PhD in University of Sulaimani- English Department).
- Hamawand, Zeki (2011). *Morphology in English Word Formation in Cognitive Grammar*. London: Continuum International Publishing Group.
- KATAMBA, FRANCIS (2006) . *MORPHOLOGY 2ed*. China: PALGRAVE MACMILLAN.
- Langacker, Ronald W (1987). *FOUNDATIONS OF COGNITIVE GRAMMAR Volume 1 Theoretical Prerequisites*. Peking University Press.
- Loveless, Becton (2024). "*A Complete Guide to Schema Theory and its Role in Education*." *Educationcorner.com/ schema-theory*. 1 11, 2024. (online) https://www. educationcorner.com/schema - theory (accessed April 14th, 2023).
- Quirk et al., Randolf (1987*)*. *A COMPREHENSIVE GRAMMAR OF THE ENGLISH LANGUAGE 5th.ed*. London and New YORK: PERSON, LONGMAN

- https://mawdoo3.com.
  ساندرا لحدو. مفهوم علم التصنيف، الموضوع بتاريخ ٢٠١٨/٣/٦ و ٢٠٢٣/٨/٢١
- https://www.educationcorner.com/schema-theory
- https://www.thesaurus.com/browse/typology
- **/https://www.uobabylon.edu.iq/eprints/publication_11_27408_52.pdf**


## Summary

## ملخص

## الأسماء المركبة في اللهجة الكردية الوسطى من منظور نظرية التصنيف المقولي

م.م. على حمد عثمان
فاكلتي التربية/ جامعة سوران

ا.م. د. دلێر صادق كانبى
فاكلتي اداب/ جامعة سوران

عنوان البحث: "الأسماء المركبة في اللهجة الكردية الوسطى من منظور نظرية التصنيف المقولي" هو محاولة لتحليل الأسماء المركبة من منظور نظرية التصنيف المقولي، ضمن إطار الصرف المعرفي و وجهود زكي هموند (٢٠١١) في المجال. تكمن أهمية هذا البحث في أصالته باعتباره أول دراسة علمية باللغة الكردية في المجال المذكور أعلاه. هدف في هذه الدراسة هي، تصنيف الأسماء المركبة في اللغة الكردية، بناء على خبرة الإنسان وقدراته العقلية وفق هذه النظرية. الأسماء المركبة المستخدمة في الدراسة هي بيانات مكتبية ومأخوذة من المصادر المستخدمة في هذه الدراسة. تتكون الدراسة من مقدمة وفصلين مع الخاتمة وقائمة المصادر. في الجزء الأول، يتم عرض ملخص للمورفولوجيا المعرفية ونظرية التصنيف المقولي. وفي الجزء الثاني تم شرح العلاقة بين بين الرأس والمحدد، من حيث مفهوم الأسماء المركبة الكردية الوسطى وفق نظرية التصنيف المقولي. ونتيجة البحث أمكن تقسيم الأسماء المركبة الكردية، التي تحدد شكل الكلمة حسب تشابهها إلى النموذج المثالي و النموذج الهامشي.

**الكلمات المفتاحية**: (التصنيف المقولي، الكلمات المركبة، الصرف المعرفي، النموذج المثالي، النموذج الهامشي)